# تا هەتـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا ژن !!

قوبادی جەلی زادە

## مـــــــــــــــــــاچ

لەسەر مێزی کافتریاکە بە دزییەوە ماچم کردیت ..

لە پرێکا ( بۆی ) یەک خۆی کرد بە لامانا .

سەرمان داخست ، چاومان نوقان لە شەرمانا .

هەرکە سەرمان ،

وەک وەنەوشەی پاش بارانی شەونمی ناز

هەڵبڕییەوە ،

پای مێزەکە ببوو بە چوار بنکە گوڵ و

( بۆی ) بە دارکاژ .

هەردوو فنجانی قاوەکەش ،

بە دوو چۆلەکەی خۆشئاواز !

## پەنــــــــــــاهەندە

دوو دوند لە چیایێ زیز بوون ،

پەنایان بردە بەر سینگت !

دوو زەردەپەڕ ، لە هەنگاوی خۆر دابڕان ،

بە قژتا خۆیان هەڵواسی .

دوو دەریاش کفت و شەکەت بوون ،

لە ئارامگەی چاوەکانتا بوون بە ماسی !!

## پــــــــــــــــــرچ

شەوان بەخۆمی دادەدەم .

نیوەرۆیان شیعری لە سایە دەنووسم .

سەری سالآن بخوورەو دایدەگیرسێنم .

کەمەندەو پێی بە قەلآیان هەڵدەگەرێم .

ئەو دەمەیش گەمارۆ دەدرێم ،

پەتەو خۆی پێ دەخنکێنم !

## مــــــــــــــوو

چیمەنی هیچ ، نسێ و یاڵ و کەندوو لەندێک .

کەروێشکەی هیچ بیزاو قەرسیل و گیابەندێک .

بەقەد رەشە مووی بن باڵی ئەسپە ژنی نەرم و نیان

خوێنم لێ ناکەن بە نەوت و دڵم ناکەن بە ئاگردان !

## چـــــــــــاشیر

جۆگەی شیرە لە شی سپیت .

لەشی رەشم جۆگەی چایە .

با لێگەڕێین ئاوێتە بن ،

خوڕەی ئەو هەردوو جۆگایە !

## قـــــــــــــــــەنارە

نەرمترین و ناسکترین و ە بەهێزترین کەلەبچە

ئەو کەلەپچانەن ،

کە ژنان لە مووی لەشی خۆیان دەیچنن !

رووناکترین و دڵگیرترین و فراوانترین زیندان ،

ئەو زیندانە تەنگانەن

کە قاوشەکانیی ئەڤین و

کلاۆرۆژنەکانی چاوو

دەروازەکانی دەم و

جەللادەکانی مەمکن !!

## خـــــــــــــــۆزگە

خۆزگە تۆ لە دەمێک زیاترت دەبوون و

منیش لە دەمێک زیاتر !

بریا تۆ لە دوو مەم زێترت دەبوون و

منیش لە دوو دەست زیاتر !

خۆزگە تۆ تاكە ژن دەبوویت و

من سەدان پیاو !!

## ژن

درەختێكم لە دۆزەخەوە هەڵاتووم ..

رامتەكێنە ئەی ژن ،

با گەڵا ژەهراوییەكانی رۆحم هەڵوەرێن .